# محمد پێغەمبەری ئیسلام پیدۆفیله

روناد سوگارد، قەشەی کلێسای فیلادلفیا له ستۆکهۆڵم

# گەر ئەو قەشەیە شتێکی لێ هات، کەس بەرپرس نیه بگره خەتای قسەکانی خۆیەتی

مەلای مزگەوتی یاکۆسبێری له ستۆکهۆڵم

**جمال محسن**

jamal_muhsin@yahoo.com

له ماوەی چەند رۆژی پێشوودا کیشمەکێشێک له ناو سویددا درووست بووه دوای ئەو قسەیەی که قەشه سوگارد نزیک به مانگێک لەمەوبەر کردبووی سەبارەت به پێغەمبەری ئیسلام که ووتبووی محمد پیدۆفیل (منداڵ باز) بووه لەبەرئەوەی عائیشەی له تەمەنی 9 سالیدا هێناوه . لەبەرامبەر ئەو قسەیەدا ئیسلامیەکان خۆیان پێ نەگیرا و مەلای مزگەوتی ناوچەی یاکۆبسبێری هەرەشەی ئەوەی کرد که ناوبراو هەر شتێکی لێ بێت، نه ئەو وه نه کەسی تر بەرپرس نیه، بگره خەتای قسەکانی خۆیەتی! هەر ئەمەش وای کرد که مەلایەکی تر به ئاشکرا فتوا له دژی قەشەکه بدات و چەند کەسێکی تریش کەوتبوونه مەشوەرەت لەگەڵ زەرقاوی بۆ ئەوەی بزانن رای چیه سەبارەت به کوشتنی قەشەکه! ئەمه وێرای ئەوەی که رێژی 04/24 چەند کەسێکی ئیسلامی خۆپیشاندانیان کرد لەبەردەم کلێسای فیلادلفیادا گوایه ئەوان به دژی ئەو قسانەی قەشەن بەڵام لەگەڵ تووند و تیژیدا نین! وه چەند منالێکیان هێنابوو بۆ خۆپیشاندانەکه که دروشمی (محمد نبینا) یان پێ ئەووتنەوه!
وەک کاردانەوەیەکی خێرا، ئێمەش وەک هەڵسووڕاوانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست له هەمان رۆژی ئەواندا ئاکسیۆنێکمان سازدا، له دووری چەند مەترێک له ئەوانەوه. بەڵام ئەوان که تەواو بوون تەحەمولی ئەوەی ئێمەیان نەکرد و یەک دوانێکی قین له دڵیان وویستیان هێرش بهێنن بەڵام رووبەرووی راوەستاوی هاورێکانمان بوونەوه و گەرێنرانه دواوه و دواتریش پۆلیس مداخەلەی کرد و پاڵی به ئەوانەوه نا.

راستیەکەی ئەم کێشمەکێشه لەسەر قسەکانی قەشه و هەڵوێستی دژه ئازادیانەی ئیسلامیەکان له میدیاکاندا زۆر دەنگ و رەنگی داوەتەوه و بۆته جێگەی قسه و باسی زۆر جدی. حەرەکەتێک که ئێمه کۆمۆنیستەکان له خۆمان نیشانماندا له روانگەی داکۆکی له ئازادی بیروراوه بوو. لەو باوەرەوەی که هەر کەس ئازاده چی ئەڵێت و چۆن بیرورای خۆی رائەگەیەنێت. هەر کەس هەر باوەرێکی هەیه ئازاده و ئەم مافەش سالآنێکی دوور و درێژه به خەبات و قوربانی ئینسانیەت

لەم وولاتە بەدی هاتووە بەلاّم ئیسلامیەکان ئەیانەوێت بەری پێ بگرن و ئیتر کەس نەوێرێت ئازادانە بیروڕای خۆی بلێت. ووتەکانی مەلای ناوبراو هەڕەشەیەکی ئاشکرایە کە لە ناو جەرگەی ئەوروپادا بانگەشەی بۆ ئەکەن و گەر بۆیان بچێتە سەر تەنها بە ئەوەوە ناوەستن و ئەوەی لەدەستیان بێت دژ بە خەلک و ئازادیەکانیان ئەیکەن. هەروەک چۆن ئێستا لە عێراق و ئێران و لوبنان....هتد ئەیکەن. ڕاوەستاوی ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کە لە ناو جەرگەی ئەوروپادا ناهێلین و ڕێگەیان پێ نادەین پەیامی کۆنەپەرستانەیان بۆ بچێتە سەر.
من بۆ خۆم ئەوەم بۆ گرنگ نیە کە کەسەکە کێیە کە ئەو قسەیەی کردووە کە پێغەمبەری ئیسلام پیدۆفیل بووە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو قەشەیەش لەم وولاتە خاوەنی بیروڕایەکی زۆر کۆنەپەرستانەیە بەرامبەر بە هەندێ مەسەلەی کۆمەلاّیەتی وەک مەسەلەی ژنان و مسەلەی هاوجنسبازەکان (هۆمۆسێکسوالەکان)..... بەلاّم نە لەو ڕوانگەیەوەی کە قسەکەر کێیە بەلکو لەو ڕوانگەیەوەی کە ئازادی خەباتی بۆ کراوە و خۆ هەڕەشە و گوڕەشەی ئیسلامیەکان نابێت لێرەش بچێتە سەر و بە ئارەزوی خۆیان شمشێر ڕابوەشێنن. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەسەلاّتیش زۆر بەری بۆ شل کردوون و پارە و پولیان بۆ هەلڕژاوە و مزگەوتیان بۆ کراوەتەوە کە لێوەی ئەتوانن ئەو هەڕەشانە بکەن. نابێت دەسالاّتداران هیچ شل و شێواوی و خەم ساردیەک لەبەرامبەر ئەوانەدا بنوێنن کە ڕمەکەیان رووی لە ئازادیە. گەر ئیسلامیەکانیش فێری ئەو لۆجیکە ببن کە بێن و بە شێوەیەکی مۆدێرنانە قسە بکەن خۆ کەس ڕێیان لێ ناگرێ. بەلاّم ئایا ئەوە لۆجیکی ئیسلامی سیاسیە؟! گەر ڕاست ئەکەن با ئەوەندە تەحەمول بکەن و ئەوانیش کەسێکیان بێت و بیسەلمێنێت کە پێغەمبەر پیدۆفیل نەبووە!

2005/04/28